# دیدار و ڕۆژگار , زەینەب و سومبل , بۆچی خنکان ؟

**هیدایەت مەلا عەلی**
hidayat_malaali@yahoo.com

ڕۆژانە هەواڵی گیان لەدەستدانی مناڵان لە نێو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا بە شێوەیەکی فراوان بەر چاو دەکەوێت , تەنانەت بە ئاستێك گەشتووە ئامارەکان بەردەوام ڕوو لە زیاد بوون ئەکەن , هەر ڕۆژە دایکێك یان باوکێك لاشەی ساردی مناڵەکەی دەگرێتە باوەش و وەك دیاریەك بۆی دەهێننەماڵەوە , هێشتر کفنی { لاڤە } زەرد نەبووە کەچی هەواڵی بە قوربانی بوونی دەستەیەك خوشك و برای یەك خێزان کە تەمەنیان لە نێوان 3 تا 11 ساڵیدایە دڵی هەمووماندادەخورپێنێت و ویژدانی ئینسانیمان دەهێنێتە قسە , کوردوستان بۆتە ئەو تاقیگایەی ڕۆژانە بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر گیانی مناڵانی تێدا دەکرێت بە قوربانی و بێدەربەست بوونی دەسەڵاتداران . ڕۆژنامەی { ئاوێنە } ژمارە{ 20 } ڕۆژی سێشەممە 23 / 5 / 2006 بڵاوی کردۆتەوە خێزانێك کە پێکهاتوون لە دایکێك بەناوی {سێوە محەمەد}و 4 لە مناڵەکانی بەناوی { دیدار , ڕۆژگار , زەینەب , سومبل } ڕۆژی 22 / 5 / 2006 لە کاتی گەڕانەوەیان لە گوندی{ ئاشوران} بەرەو گوندەکەی خۆیان بە ناوی{ قادرئاوا}کە سەربە ناحیەی { سەنگەسەرە } بەهۆی توندی ئاوی ڕووباری { گافرێن } کە دەکەوێتە نێوان ئەم دوو گوندە هەر 4 مناڵەکەی ئاو دەیانبات و دوواتر بە خنکاوی لاشەکانیان دەدۆزنەوە .
من پێم وایە هەڵکەوتنی پێی هەر منداڵێك لە کوردوستان تا بەگیان لە دەستدانیان دەگات لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانداپەو ئەوان بەرپرسن لێی , وەك چۆن دەسەڵاتداران هیچ کوون و کەلەبەرێك نەماوە بۆ سەرمایە گوزاری و پاراستنی کورسیەکانی حووکمەت دەسەڵاتەکەیان دەستیان بەسەرا نەگرتبێت و بۆ خزمەتی خۆیان بەکاری نەهێنن . هەندێك سەرچاوەی نزیك لە دەسەڵاتەوە ئەم ڕووداوە گەورەو جەرگ بڕە واباس دەکەن و دەیگێڕنەوە , کە گوایە ئەو مناڵانە لەسەر پری ڕووباری { گافرێنەوە} یەك بەدوای یەکدا کەوتوونەتە خوارەوەو هەر هەموویان خنکاون ,مەبەست لەم هەواڵە بۆ دەسەڵات ڕاگەیاندنی هاوخەمی و پەرۆشی نیە بۆ خەڵکی ناوچەکەو ڕووداوەکە ,بەقەدەر ئەوەی کە ئەیەوێت بڵێ لە نێوان ئەو دوو گوندەدا پرد هەبووە و دەسەڵات قسوری نەکردووە هەندێك سەرچاوەش وای ڕادەگەیەنن کە خەڵکی ئەو گوندانە بۆ ئەمبەرە و بەر کردن و سەردانی یەکتری دەبێت بە ناو ئاوەکەدا هاتوچۆ بکەن ئەمەش سەرچاوەی ڕووداوەکەیە من ئەڵێم باواز لەوە بهێنین کە ئەم ڕووبارە پردی هەیە یان نا , یاخود باشترە بڵێم باوا حیساب بکەین پردی هەیە , کێ هەیە لە سەدا سەد دڵنیا نەبێت کە ئەو پردە سادەترین پێوەری پاراستنی سەرو ماڵ و پەڕینەوەی بۆ خەڵکی تێدا نەبووە , من پێم وایە ئەگەر پردێکیش لەئارادا بووبێت ئەوا هیچ دەسەڵاتدارێك ئامادە نەبووە {10}
سەر لە مەڕەکانی بەسەر ئەو پردەدا بپەڕێنێتەوە , کێشەکە لێرەدا پرد نیە بەڵکو حیساب نەکردنە بۆ ژیان و پێداوویستیەکانی خەڵك و بە تایبەتیش فەرامۆش کردنی مناڵان , کێ هەیە لەوە دڵنیا نەبێت ئەگەر هەر یەکێك لەو گوندانە { کە پکی حەمەد ئاغا } بووایەو بۆ لەشکر کێشی و پەڕاندنەوەی هێز بۆ شەڕی ناوخۆ باشترین و شیاو ترین تەکنەلۆژیای پرد بەستنیان بەکار نەئەهێنا , لەم 15 ساڵەدا کوردوستان دەیان جار دەووڵەتانی ناوچەکە بە پێش لەشکری کردنی ئەحزابی دەسەڵات تانك و تۆپ و دەبابەو سەدان هەزار سەربازیان هێناوەتە کوردوستان , بۆ تا ئێستا کەسێك نەیبیست دەبابەیەك یان سەیارەیەك یان تانکێك کەوتبێتە چەمێك یان دۆڵێك یان ڕووبارێکی ئەم کوردوستانە , ئەڵبەت کەس و دەلیلەکەشی تەنها ئەوەیە کە بۆ شەڕو لەشکرکێشی و پاراستنی دەسەڵات و حوکم هەموو کەرەسەیەك

لەبەر دەستايەو بە نوێترين شێوە بە كار دەهێنرێت , بەڵام بۆ گوندی { قادرئاوا } و گوندی { ئاشوران } و منداڵەكانی { دادە سێوە } ئەم هەموو دەسكەوت و تەكنەلۆژيايە بلقی سەر ئاووەو , لە چەند خولەكێكدا { 4 } ئينسانی بچووك {4} منالْ كە مايەی ئاوەدانی ,بزەو خۆشەوويستی نێو خێزانێك بوون بوونە قوربانی و , ئەوانيش بە شێوازێكی تر وەك { خونچەی } هاورێييان نەبوون بە گولْ و هەڵوەرين , لە كاتێكدا منالاْن پۆل پۆل مەرگ يەخەيان دەگرێت و لە پاش خۆيان هيچ مێژوويەك جێناهێڵن , دەسەڵاتداران خەريكن بەناوی يەكگرتنەوەی ئيدارەوە خەڵك سەرمەست دەكەن و كورسی دەسەڵاتەكەی خۆيان قايمتر دەكەن , من لە نامەكەمدا بۆ دايك و باوكی { خونچە } ووتم بەرگری كردن لە منالاْن ئەركی هەموومانەو با نەيەڵين تەمەنی بەهار و پڕ لە گوڵی { خونچەكانمان } لە پێناو بێدەربەست بوونی دەسەڵاتداران و كۆكردنەوی سەرمايەی زياتردا هەڵوەرێت,با نەيەڵين ڕووداوەكان كێشەی منالاْنمان لەبيربەرێتەوە و بيانخەينە پەراوێزەوە .